# تکایه ئەو خوێنه راگرن!

## نوری بێخاڵی

سەیرم بەم حکومەتەی خۆمان دێ، هەر لە خاڵی سنور و لە گومرگەکان و بە بێ چاودێری تەندروستی و بوونی تاقیگەی نوێ و مۆدێرن لە سەرجەم بوارەکاندا، رۆژانە خواردەمەنی و دەرمان و کەلوپەلی ئێکسپایەرمان بۆ دێت و دوای وەرگرتنی گومرگیش بۆ ئەوەی چالاکی دەزگاکانی خۆی زیاد بکات و پیشانی خەڵکی بدات، کە گوایە چاوساغ و کراوەن، هەر رۆژە و چەند تەنێك کەلوپەلی ئێکسپایەر دەسوتێنرێ، کە رەنگە زۆربەی ئەو کەلوپەلانە بە یەك دوو رۆژێك بەر لە هاتنیان لە خاڵی سنوری و سوتاندنیان بە قودرەتی قادر ڤیزەی پەرینەوەیان پێدرابێت، چش لەو شاڵاو و لافاوە زۆرەی ئۆتۆمبێل کە دێتە ناو کوردستان، ئەو کوردستانەی کە ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر پێویستی بە کەلوپەل و کەرەسەی خاوی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و کارگە و فابریکە هەیە، نەك کەمالیات و جەمالیات.

بە هاوڵاتی نەدار چی، رۆژ تا ئێوارە سوپەر مارکێت و پارك بکرێنەوە، کە مانگ بۆ مانگ نەتوانێ پارەی بلیتی چوونە ژوورەوەی منداڵەکانی دابین بکات، قیروسیا لەوەی دەبێ منداڵەکانی زەق زەق بە دیار سوارنەبوونی یارییەکان دانیشن، یان چارەگی ئەوانە کارگەیەك نەبێ بەرهەمهێن و گەنج تێیدا بکەوێتە سەرکار؟! بە من و هاوڵاتی کەم دەرامەت چی رۆژانە بە ئاسمان و زەوی و ئاودا کەژاوەی ئۆتۆمبێلی مۆدیل نوێ و سفر کیلۆمەتر بێتە کوردستان، بەڵام هێشتا سێ چارەگی نەخۆشخانەکانمان ئامێر و پێداویستی زەروری تێدا نەبێت و هاوڵاتییەك تا تیشکی رەنی موغناتیسی دەگرێ و دوای دوو سێ مانگ نۆرەی دەگاتێ کورد گوتەنی (شەپرە!!) لێی دەدات؟! بە من و هاوڵاتی بەدبەختی ئەم نیشتمانە چی، ساڵانە کارگەی ئاوی پاڵێوراو دابمەزرێن و بەقەد ئاوە حەیاتەکەی (حەیاتی) تورك رەواجیان نەبێ لە بازاڕەکاندا و ماڵی بەعزێ مەسولیش بیست و چوار سەعاتی خوا ئاو لە بەردەرگایان فلیقەی بێت و دار و دەوەن و باخچەکانیانی پێ ئاو بدەن، لەولاش نیوەی گەڕەك و کۆڵان و گوند و شارۆچکەمان بێ ئاو بن، یان وەك خەڵکی بێکەسی سۆران رۆژانە قوڕ و لیتاو بخۆنەوە، کە رۆژانە لە بێخاڵ و کاولۆکان نزیکەی (42 ئینج) ئاوی بۆ دێت، جگە لەو (16) ئینجەی بۆ لای مەجیداوە و هاودیان دەچێت، خەریکە بەم زوانەش (27.5) ئینجی دیکەش تەشریف دەبات (ئەوەی کۆمپانیا تورکییەکە، کە زۆربەی کرێکارەکانی کوردی باکورن و بڕی بیست و هەشت ملیۆن دۆلار لە گیرفانی کورد دەچێتە خەزێنەی تورك، کەچی ئەندازیار و سەرپەرشتیاری کۆمپانیاکە، کە تورکێکی کەمالییە، رێگە بە کرێکارە کوردەکان نادا و لەناو کوردستان و لە کاتی پشودا کەناڵە کوردییەکانی سەتەلایت بکەنەوە!!)؟!

بەهەرحاڵ هەستدەکەم خوێنەر بەو درێژ دادڕییە هیلاك دەکەم و لە مەبەستی سەرەکی نووسینەکە دووری دەخەمەوە، بۆیە ناچارم بێمە سەر ئەسڵی مەبەست و قسەیەکی خێرا لەو هەژموون و باهۆزە مەترسیدارەی مەرگ و پەککەوتەکردنی مرۆڤ بکەم، کە شەرێکی بەردەوام و نەبڕاوەی رۆژانەیە و کەسیش، بە خودی حکومەتیشەوە چارەیەکی پێ نییە، بۆ رێگە لێگرتن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی، کە ئەویش کارەساتەکانی هاتوچۆیە.

هەموو رۆژێك تامپۆن..هەموو کاتێك وەرگەڕان.. هەموو دەمێك بەیەك دادان.. لە هەموانیش خوێن بەربوون، ئیدی گرنگ نییە برینداری یان مردن، گرنگ ئەوەیە لەو مەترسیە تێبگەین، کە هەمیشە عیزرائیل وا بە روخساری ئۆتۆمبێلێکەوەیە و پەلامارمان دەدا.

لە پشتی هەر روداو و کارەساتێکی هاتوچۆوە زیاتر لە هۆیەك هەیە..تەسکی و تەنگەبەری و ناڕێکی و پڕ تاسە و کەند و کۆسپی شەقامەکان..کەمی هێماکانی هاتوچۆ.. نەبوونی کۆنترۆڵێکی ورد لە بەخشینی مۆڵەتی لێخوڕین و لێنەپێچینەوەی پێویست لە سەرپێچیکاران..نەبوونی هوشیاری و شارەزایی یاسای هاتوچۆ لای شوفێران و بێباکی هەندێکی دیکەیان لە پێشێلکردنی ئەو یاسا و رێسایانەی، کە دواجار بە قازانجی خودی کەسی سەرپێچیکار و تەندروستی و ساخییەکەی تەواو دەبێت..لێخوڕین بە سەرخۆشی و هەڵچوونی هەرزەکارانە..هەموو ئەوانە بە رۆڵی خۆیان کۆمەڵگەی ئێمەیان رووبەڕووی کارەسات و مەرگ و پرسەی بەردەوام کردۆتەوە، چش لەو کێشە کۆمەڵایەتی و گرفتە دەروونییانەی بەدوای خۆیاندا دەیهێنن.

زێدەڕۆیی نییە و بە گەڕانەوە بۆ ئامارەکان، ئەگەر بڵێین ئەمڕۆ رێژەی گیان لە دەستدانی خەڵك بە هۆی کارەساتەکانی هاتوچۆوە لە رێژەی ئەوانەی بە هۆی نەخۆشییە درم و ناسراوەکان گیان لە دەست دەدەن زیاتر نەبێ کەمتر نییە، ئەوە نەك تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە تەواوی دونیادا، لەو وڵات و شوێنانەشدا، کە باریکە رێگە خۆڵاوییەکانی گوندەکانیان لە شەقامەکانی نێو پایتەختی ئێمە بە سەد ئاو شۆردراونەتەوە و رێکوپێکترن هەر وایە.

خەریکە لەو وڵاتە بەکاربەرە بێ بەرهەم و مشەخۆرەی ئێمە، ڕێژەی ئۆتۆمبێل خۆی لە ژمارەی دانیشتوانی نزیک دەکاتەوە، چۆن مناڵی تازە پێڕەوکەی ماڵی کوردەواری، بە دەگمەن نەبێ نەماوە مۆبایلی بە بنا گوێیەوە نەبێ، ئاواش خەریکە لەگەڵ هەر (بیان ولادە)ـەیەکدا ساڵییانەی ئۆتۆمبێلێکیش بەناوییەوە بکرێ.

کار وا بڕوا چەند ساڵێکی دیکە بە هۆی کارەسات و ڕووداوەکانی هاتوچۆ و ژەهراوی بوون بە کەلوپەل و دەرمانە ئێکسپایەرەکان و گورچیلە راوەستان لە سای خواردنەوەی قوڕولیتەی ئاوی تێکەڵبووی نێو ڕووبار و زێرابەکان و جەڵتەی بەرهەمی خەم و خەفەتی گرانی و بێ کۆنتڕۆڵی نرخی بازاڕ و راکە راکە و هەناسە سواری دوای لیترێ نەوت و بوتڵێ غاز و ڕەبوی ئاکامی تەپ و تۆزی پرۆژە تەواو نەبووەکان، بەقەد شوێنەواری قوربانییەکانی شۆڕش و دەربەدەری و کیمیاباران، گۆڕستان و خانەی پەککەوتوانمان بۆ زیاد دەکات، کە ئەو کات بڕوا ناکەم بە هیچ شێوەیەك فریای خۆمان بکەوین و کۆمەڵگەیەکی جوان بەرهەم بێنین، چونکە دواجار کۆمەڵگەی کراوە و پێشکەوتوو، بەرهەمی دەسەڵات و عەقڵیەتێکی کارگێڕی تەندروست و خاوەن پلان و ستراتیژ و کۆمەڵگەیەکی خاوەن هوشیاری تەندروست و جەستە و عەقڵی ساخلەمە، نەك کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و پەککەوتە و دەسەڵاتێکی بێ بەرنامە و پلان و دروشم فرۆش!!